Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.21

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Eskender Qerib Sulayman
Eskender8585@gmail.com

RECEIVED :23 /01/2025
ACCEPTED :05/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری هاووڵاتیبوون لای تۆماس هامفری مارشاڵ توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**ئەسکەندەر غەریب سلێمان**/ بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**ئەسرین زرار قادر**/ بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
هاووڵاتیبوون،
مافەکان،
دەستوور،
یاسا،
یەکسانی.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی مافەکانی هاووڵاتیبوونە لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا لەبەرڕۆشنایی تیۆری تۆماس هامفری مارڕشاڵ (T. H. Marshall: 1893–1981). ناوبراو کۆمەڵناسێکی دیاری بەریتانییە و بە بونیادنەری تیۆری هاووڵاتیبوون دادەنرێت، دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەناونیشانی (هاووڵاتیبوون و چینە کۆمەڵایەتییەکان) لە ساڵی (1950)دا ناوبانگی دەرکردووە. تیۆرەکەی مارڕشاڵ بەڵگەیەکی کۆمەڵناسییە کە تێیدا بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی مافەکانی هاووڵاتیبوون دەکات؛ مافەکان لەچوارچێوەی مافە یاساییەکان ڕووندەکاتەوە لە دانپێدانان بە بنەمای هاووڵاتیبوون لە پەسەندکردن و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی یاسا. مافەکانی هاووڵاتیبوون لە پرۆسەیەکی بەردەوامدایە کە پەرەسەندن و نوێبوونەوەی بە خۆیەوەبینیوە. بۆیە لە دەستووری هەموو وڵاتاندا دانپێدادەنرێت. پێشێلکردنی ئەم مافانە پەیوەندی هاووڵاتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا تێکدەدات و هاووڵاتی خۆی بە کەسێکی نامۆ دەبینێت لە کۆمەڵگادا.
ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە، ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەمەبەستی خستنەڕووی مافەکانی هاووڵاتیبوونە لە هەرێمی کوردستان لەبەرڕۆشنایی تیۆری مارڕشاڵ، هەروەها شیکاری مافەکانی هاووڵاتیبوونە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵ و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە کە مافەکانی هاووڵاتیان کە بریتین لە: مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بەبێ جیاوازی پشتبەستن بە ڕەگەز، نەتەوە، ئایین یان پێگەی کۆمەڵایەتی بپارێزرێن، چونکە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێویستن، بەڵام لەبەر ئەوەی بە دروستی جێبەجێناکرێن، زۆربەی هاووڵاتیان هەست بە پێشێلکردنی مافەکانیان دەکەن.
لە ڕووی مافە کۆمەڵاتییەکانەوە خزمەتگوزارییەکانی وەک: بیمەی تەندروستی، خوێندن، ڕەخساندنی دەرفەتی هەلی کار لە ئاستێکی خراپدایە. لە ڕووی مافە سیاسییەکانەوە نایەکسانی لەڕووی نەژاد، نەتەوە، ئایین، ئایینزا، بیروباوەڕ هەیە، تا ئێستا مافی ژیان، ئاسایش و ئارامی بە تەواوەتی مسۆگەرنەکراون بۆ هەمووان، لە ڕووی مافە مەدەنییەکان بە هۆکاری هەبوونی بیروباوەڕی حیزبی یان ڕەخنەگرتن، بەردەوام پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و لایەنگرانی حیزبە جیاوازەکان دەکرێت و ڕێگرییەکی زۆر هەیە لە هەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەری، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی هاوولاتیبوون لە چوارچێوەی یاسا و لە ژیانی کرداریدا، کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن دەبات و هەستی ئاسایش و دڵنیایی بە هاوولاتیان دەبەخشێت، هاوولاتیبوون پەیوەندییەکی یاسایی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگای سیاسیدا. مارشاڵ گریمانەی ئەوە دەکات کە یەکسانی بنەڕەتی هاوولاتی پەیوەستە بە چەمکی ئەندامێتی تەواو لە کۆمەڵگایەکدا. پێگەی هاوولاتیبوون بە دەربڕینێکی نموونەیی بە مانای ئەوەیە کە لە ڕووی مافە یاساییەکانەوە هەموو هاوولاتیان مافی خۆیان هەیە، لە بەرامبەردا بەرپرسیارێتی پێدانی ئەو مافانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەخرێتە ئەستۆی دەوڵەت. بۆیە لە بابەتی هاوولاتیبووندا پرسی ئەرک و مافەکان وەکو شێوازێکی ژیان بیری لێدەکرێتەوە و لە ناخی تاکدا گەشەدەکات.

یاساکان پێویستن بۆ پاراستنی مافەکانی هاوولاتیان، بۆ ئەوەی ژینگەیەک برەخسێت کە ئەم مافانە بە تەواوی دەستەبەر بکرێن. مافەکانی هاوولاتیبوون کەمترین مافن کە پێویستە هەموو هاوولاتیان لێی بەهرەمەند بن بەبێ تایبەتمەندیی ئایین، ڕەگەز و نەتەوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی یاساییدا، چونکە لە دونیای ئەمڕۆدا مافەکانی هاولاتیبوون، وەک یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی سیستەمی یاسایی دادەنرێن و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکان و یەکسانی.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتووە کە یەکێکە لەو میتۆدانەی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقی نووسراو بەکاردەهێنرێت، ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی مافەکانی هاوولاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و ئەو یاسایەنەی کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافانە لە هەرێمی کوردستان دانراون.

ئەم توێژینەوەیە وێڕای پوختە و پێشەکی بەشی یەکەمی بریتییە لە: ڕەگەزەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە و لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەمی بریتییە لە: کێشە، گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، و لە باسی دووەمدا هەردوو چەمکی هاوولاتیبوون و مافەکانی هاوولاتیبوون خراونەتەڕوو.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا گرنگیدراوە بە خستنەڕووی تیۆری هاوولاتیبوونی مارشاڵ، هەروەها خستنەڕووی مافەکانی هاوولاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەدا کە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت بەمشێوەیەی خوارەوە، یەکەم: مافە مەدەنییەکان، دووەم: مافە کۆمەڵایەتییەکان، سێیەم: مافە سیاسییەکان، کە لە چوارچێوەی ماددەکانی دەستووری عیراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان شیکردنەوویان بۆ کراوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

## 1-ڕەگەزە سەرەکییەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1.1ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

#### 1-1-1. کێشەی توێژینەوەکە:

مافەکانی هاوولاتیبوون بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێن. ئەم مافانە لە دەستووری ولاتاندا گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت، هاوولاتیان پێکەوە بەشدارن لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا کە ماف و ئەرکەکانیان دیاریدەکات، هەروەها بەشداریدەکەن لە داڕشتنی سیاسەت و پێشنیازەکان، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی چالاک و بەرپرسانە لە کۆمەڵگادا بگێڕن. مافەکانی هاوولاتیبوون ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک مافی یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی هاوولاتیان وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا. ئەم مافانە لە دەستووری ولاتان و میساقە نێودەوڵەتییەکان و یاسا داب و نەریتیەکاندا پێناسە و گەرەنتی کراون، وەکو مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی کەسی، ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا و ڕۆژنامەگەری ، مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی، مافی دەستگەیشتن بە زانیاری گشتی، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی بەرگریکردن، مافی خوێندنی بێبەرامبەر، مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی، مافی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی، مافی ژینگەیەکی تەندروست، مافی بەکارهێنانی زمان و کولتوور، مافی موڵک و ماڵی کەسی لە چوارچێوەی یاسا، مافی کارکردن و دامەزراندن، مافی ناڕەزایەتی دەربڕین، قەدەغەکردنی جیاکاری (ڕەگەز،

ئایین)، مافی هەڵبژاردنی کار بە ئازادی، بۆیە چەندی ئەم مافانە بە تەواوی دەستەبەر و مسۆگەر بکرێن، هاووڵاتیان زیاتر هەست بە بەختەوەری و خۆشگۆزەرانی دەکەن، بەمەش کۆمەڵگا بەرەو ئارامی و پێشکەوتن هەنگاودەنێت. لێرەدا کێشەی توێژینەوەکە لەم دوو پرسیارەدا دەخەینەڕوو:

1- تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵ چۆن دەڕوانێتە مافەکانی هاووڵاتیبوون؟

2- مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان- عێراق بەو شێوەیەی کە لە دەستوور و یاسادا دەستەبەرکراون، لە واقیعی کرداریدا چۆن جێبەجێدەکرێن؟

### 1-1-2. گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان. مافی هاووڵاتیبوون چەمکێکی گرنگی ناو بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاساییەکانە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی و پێویستێتی دەستەبەرکردن و جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی هاووڵاتیبوون دەردەخەن سەبارەت بە بەهێزکردنی پرسی دلسۆزی و ئینتیما لە لای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان. لە ڕووی زانستییەوە دەکرێت کەلێنێکی گەورە پڕبکاتەوە سەبارەت بە تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتی مافەکانی هاووڵاتیبوون.

لە ڕووی زانستییەوە ئەم توێژینەوەیەی دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ توێژەرانی داهاتوو. لە لایەکیر لەڕووی یاساییەوە توێژینەوەیەکی گرنگە بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن ماددەکانی دەستوور و یاساکان بە شێوەیەکی کاریگەر مافەکانی هاووڵاتیبوون دەپارێزن و تا چەند یاساکان جێبەجێکراون لە پاراستنی چین و توێژە جیاوازەکان. کە ئەمەش دواجار دەبێتە هۆکاریی زیاترکردنی هۆشیاری یاسایی سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتیان.

### 1-1-3. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:

1- خستنەڕووی تێڕوانینی تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵ سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتیبوون.

2- شیکردنەوە و خستنەڕووی ڕەوشی مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

### 1-1-4. میتودی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتودی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis Method) بەکارهاتووە کە یەکێکە لەو میتۆدانەی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقی نووسراو بەکاردەهێنرێت، ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و یاساکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی پرسە گرنگ و پەیوەندیدارەکان بە بابەتی توێژینەوەکە بەگەڕانەوە بۆ ئەو دیدگا تایبەتەی کە لە تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵدا هاتووە سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتیبوون.

شیکاری ناوەڕۆک شێوازێکە کە توێژەران گرنگی بە تاقیکردنەوەی دەستکەوتەکانی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە بەڵگەنامەی نووسراو و نەنووسراو، لە ڕاستیدا توێژەران دەتوانن ناوەڕۆکی نامە، ڕۆژنامە، بابەت، گۆڤار، خولەکی کۆبوونەوە، کتێب، یاسا و هەر جۆرە دەق و بەڵگەنامەیەک شیبکەنەوە. بەم پێیە شیکاری ناوەڕۆک هەم شێوازێکی شیکاری داتاکانە و هەم شێوازێکە بۆ بینینی بەڵگەنامەکان(سروستانی، 1375: 91). شێوازی شیکاری ناوەڕۆک میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەی دەق و بەڵگەنامەکان و داتای چۆنایەتی کە لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی شیکردنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لە دەستووری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بەکارهاتووە و هەنگاوەکان ئەنجامدانی ئەم میتۆدە بەم شێوەیە خوارەوە بووە:

یەکەم: لە قۆناغی یەکەمدا ڕەهەندەکانی مافەکانی هاووڵاتیبوون دیاریکراون لە چوارچێوەی تیۆری مارشاڵ کە بریتین لە مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

دووەم: لە قۆناغی دووەمدا بەڵگەنامە یاساییەکان دیاریکراون کە پەیوەستن بە مافەکانی هاوڵاتیانەوە و بریتین لە دەستووری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان.
سێیەم: لەم قۆناغەدا هەموو ئەو مادده و یاسایانە کۆد کراون و دەرهێنراون و دەستنیشانکراون کە پەیوەستن بە مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.
چوارەم: ئەم قۆناغە بریتیی بووە لە شیکردنەوەی مادده و یاساکان بە سوود وەرگرتن لە ڕاپۆرتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.
پێنجەم: لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## 2- چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1-2. هاووڵاتیبوون (Citizenship)

بەرلە ناساندنی چەمکی هاووڵاتیبوون، بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەکی کورت بە چەمکی (هاووڵاتی) بدەین. زۆربەی شارەکان ئەو شوێنانەن کە پەیوەندییە سیاسی، ئابووری، یاسایی و کولتوورییە ئاڵۆزەکان تیایاندا سەرهەڵدەدەن، لەم نێوەندەدا هاووڵاتی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگای سیاسییە. کەواتە هاووڵاتی بریتییە لە: ئەندامی کۆمەڵگایەکی سیاسی، ماف و ئەرکی پەیوەندیداری بەو ئەندامێتییەوە هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە گوندنشینان یان ئەو کەسانەی لە دەرەوەی شار دەژین بە هاووڵاتی هەژمارنەکرێن، بەڵکو بەهۆی هەژموونییانەوە هەموو خەڵکی خاکەکە یان وڵاتەکە پێیان دەگوترێت هاووڵاتی. کەواتە هاووڵاتی کەسێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و ئابووری کۆمەڵگادا ئامادەیە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرە لە بڕیاردان و داڕشتنیان (علی، 1939 : 29).
چەمکی هاووڵاتیبوون، تاڕادەیەک مانەیەکی ئاڵۆزتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ چەمکی هاووڵاتی. کۆمەڵناسی بەریتانی تۆماس هامفری مارشال-Thomas Humphrey Marshall (1893 – 1981) بەمشێوەیە پێناسەی هاوڵاتیبوون دەکات: لە ئەنجامی ئەندامێتی تەواوی کەسێک لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا دێتەئاراوە، کە هەمان ماف، ئەرک و یەکسانی هەیە. بریتییە: لەو کەسانەی سەر بەو خاکەن کە تیایدا نیشتەجێدەبن و هەڵگری نەتەوەی خۆیان و ملکەچی یاساکانن. بەشداری لە حوکمڕانی دەکەن لەسەر بنەمایەکی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتیانیتر لە کۆمەڵێک مافدا، پابەندن بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرک بەرامبەر بە دەوڵەت. پەیوەندییەکی ئۆرگانیکە، مرۆڤ لە تاکێکی سادە دەگۆڕێت و هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە پێداویستی و ئامانجەکانی(الخلیف و اسماعیل، 2013 : 22). لەماوەی سەدەی بیستەمدا، ئاماژە بە جیاوازی کراوە لە نێوان هاووڵاتیبوونی فەرمی و نافەرمیدا. **یەکەمیان:** دەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسەبکرێت کە ئەندامێتییە لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا. **دووەمیان:** وەک کۆمەڵێک مافی مەدەنی، سیاسی و بەتایبەتی کۆمەڵایەتییە کە جۆرێک لە بەشداریکردن لە حکومەتدا دەگرێتەوە(Marshall and Bottomore, 1992 : 66). فەیلەسوفی سیاسی هۆڵەندی هێرمان ڕۆبەرت ڤان گانسترێن- Herman Robert Van Gunsteren، (1940)بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە: هاووڵاتیبوون بە مانایەکی توند مەبەستی یەکسانی و بەشداری سیاسییە؛ بە مانایەکی فراوانتر ئاماژەیە بۆ پێگە و بەشداریکردن لە کایەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتردا. ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی فەرمی بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە یاسایەک کە ماف و ئەرکەکانی هەیە، بە مانایەکی جەوهەری بۆ ئاماژەکردن بەو کاریگەرییە ڕاستەقینە سیاسییەی کە کەسەکان هەیانە (Van Gunsteren, 1998 : 12).
چەمکی هاووڵاتیبوون، چەمکێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مرۆییە بە ڕەهەندە هەمەچەشنەکان کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی پێگەیشتنی هزری، سیاسی، گەشەسەندنی کولتووری، بەها بۆماوەییەکان و گۆڕاوە جیهانی و ناوخۆییەکان؛ کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تایبەتمەندییەکە جێی ستایشە، ئەگەر بە نەگۆڕە بنەڕەتییەکان و بنەماکان تایبەتمەندبێت کە بەشدارن لە شانازی میللەت وەک: مافە دەستووری و یاساییەکان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مرۆیی (ناصر، 2003 : 48). لە لایەکیتر هاووڵاتیبوون ناسێنراوە بەوەی بریتییە لە: بەهرەمەندبوونی مرۆڤ لە ماف و ئەرکەکان و پیادەکردنیان لە سنوور و ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا، کە لە ئێستادا بە دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن ناسراوە و لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا دامەزراوە؛ هەموو هاووڵاتیان لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسانن، بەبێ

جیاوازی لە نێوانیان بەهۆی ئایین، ڕەگەز، ڕەنگ و پێگەی کۆمەڵایەتی (فوزي، 2007 : 7).

فەیلەسوفی سیاسی کەنەدی ویل کیملیکا (Will Kymlicka:1962) پێناسەی ئەم چەمکە دەکات بەوەی: هاووڵاتیبوون بە بڕوای هەندێک لە لیبراڵەکان بریتییە لە: مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکان وەک تاکێک کە مافی یەکسانیان لەبەردەم یاسادا هەیە. ئەم پێناسەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوڵاتیبوونی دیموکراسی، لە ڕوانگەی فیۆداڵی و پێش مۆدێرنەکانیتر جیادەکاتەوە کە پێگەی سیاسی مرۆڤەکانیان بە ئایین، نەتەوە یان ئەندامێتی چینایەتی دیاریدەکرد، بە بەکارهێنانی مافە فرە نەتەوەییەکانی نوێنەرایەتی یان خۆبەڕێوەبەریی جیاوازی گروپێک (کیملیکا، 2019 : 343).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ هاووڵاتیبوون بەم شێوەیە بکەین: بریتییە لە مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتیان لە هەر پێگەیەکدا بن. پەیوەندییەکی دوو لایەنەیە لە نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا، هەروەها گوزارشتە لە پیادەکردنی ماف و ئەرکەکیان بەرامبەر بەیەکتری، کە هەریەکێک لە لایەنەکان پێیانەوە پابەنددەبن بەپێی یاسا؛ لە چوارچێوەی کۆمەڵێک مافی مەدەنی، سیاسی و بەشداریکردن لە کایەی کۆمەڵایەتیدا.

## 2-2. مافەکانی هاووڵاتیبوون

وشەی مافەکان بە مانای ئەو کۆمەڵە جیاوک و دەسەڵات و تواناییانە دێت کە دەخرێنە دەستی کەسێکەوە؛ ئەو بەرهەمهێنانەی کە خاوەن مافەکە لە مافی خۆی وەریدەگرێت بۆ سوودگەیاندن بە خەڵک، کەواتە مافی هاووڵاتیبوون کۆمەڵێک مافە، وەک: مافەکانی ژیان، بەشداریکردن، نیشتەجێبوون، خوێندن، دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراو. ئەندامانی کۆمەڵگایەکی سیاسی بەناوی حکومەتی وڵاتەوە مافی بەکۆمەڵیان هەیە (علی، 1939 : 74).

مارشاڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: وەک کۆمەڵناسێک پێشنیاز دەکەم مافەکانی هاووڵاتیبوون بەسەر سێ بەشدا دابەش بکەم، ئەم سێ بەشە بریتین لە: مافە (مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی)یەکان. توخمە مەدەنییەکە لە مافە پێویستەکان بۆ ئازادی تاکەکەسی، ئازادی قسەکردن، ئازادی بیروباوەڕ، مافی خاوەندارێتی و موڵکدارێتی و ئەنجامدانی گرێبەستی ڕەوا و مافی دادپەروەری پێکهاتووە. مەبەست لە توخمە سیاسییەکە مافی بەشداریکردنە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا وەکو ئەندامێک کە مافی دەسەڵاتی سیاسیی هەیە. مەبەست لە توخمە کۆمەڵایەتییەکە مافی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ئابووری و بەشداریکردن بە تەواوی لە میراتی کۆمەڵایەتی و هەبوونی ژیانێکی شارستانی بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵن(Marshall and Bottomore, 1992 : 8) .

کەواتە مافەکانی هاووڵاتیبوون لە کۆمەڵێک ماف و ئەرکی هاووڵاتی پێکدێت لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، مافەکان بە یەکسانی بۆ هەموو هاووڵاتییەک دەناسێنرێن و دەستەبەردەکرێن بەبێ گوێدانە هەر هۆکارێکی جیاکاری و پێکهاتە و دامەزراوە گشتییەکان لە شێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ئارەزووەکانی تاکەکان و حکومەت و زیان گەیاندن بە ژیانی تاک لە کۆمەڵگای سیاسیدا(خسروی، 1398: 38). بۆیە بەرگری کۆمەڵناسی ئەڵمانی هابرماس (Jurgen Habermas:1929) لەو ڕێبازانەی کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونن، لەسەر ئەو مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییانە چڕدەبێتەوە کە تاکەکان وەکو ئەندامی حکومەتەکانی خاوەن سەروەری سوودی لێوەردەگرن (طرازکوهی، 1392 : 434).

لە پێناسەیەکیتردا هاتووە کە مافەکانی هاووڵاتیبوون بریتییە لە: تێکەڵەیەک لە ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتی هاووڵاتیان بەرامبەر بە یەکتر، شار، حکومەت، دەسەڵاتدارەکان و وڵات، هەروەها ئەو ماف و جیاوکانەی کە ئەرکی دابینکردنیان لە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵاتدارەکانە بەگشتی لە سیستەمی مافەکانی هاووڵاتیبووندا. هاووڵاتی بە پەیوەندییەکی دوولایەنەدا دادەنرێت لەگەڵ سیمای ماف و پابەندبوون لەسەر بنەمای ئەو هاووڵاتیبوونە کە بە دڵسۆزی پابەنددەبێت بۆ یاساکان و حکومەت (خسروی، 1398 : 27).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا دەتوانین پێناسەی تیۆری بۆ مافەکانی هاووڵاتیبوون بەم شێوەیە بکەین کە بریتییە لە: مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان کە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە و لە دەستووری وڵاتاندا گرنگی بەم مافانە دەدرێت کە خۆی لە مافە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەپێی دەستوور و یاسا

بەرکارەکان هەموو ئەو مافانە دەستەبەربکات، بۆئەوەی تاکەکان هەست بە مافی هاوولاتیبوونی خۆیان بکەن.

### 3-1. تیۆری هاوولاتیبوونی تۆماس هامفری مارشاڵ(T. H. Marshall: 1893–1981)

کۆمەڵناسی بەریتانی تۆماس هامفری مارشاڵ هەوڵیداوە بە دیدێکی ئەرکگەراییەوە بڕوانێتە بابەتی هاوولاتیبوون. گرنگییەکی زۆری بە ماف و ئەرکەکانی هاوولاتیان داوە لە چواچێوەی یاسادا، بۆ ئەمەش لە وتارێکیدا وەک گریمانەیەکی کۆمەڵناسی دەڵێت: (جۆرێک لە یەکسانی بنەڕەتی بۆ هاوولاتیان هەیە پەیوەست بە ئەندامێتی تەواو لە کۆمەڵگادا). گرنگترین سەرچاوەی جێی متمانە لە تیۆریزەکردنی هاوولاتیبوونی مۆدێرن لە سەدەی بیستەمدا لە کارەکانی مارشاڵ لەساڵی(1973)دا دەرکەوتووە. تیۆرەکەی مارشاڵ بەڵگەیەکی کۆمەڵناسییە کە تێیدا بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی مافی هاوولاتیبوون دەکات و مافە مەدەنییەکان بە مانای مافە یاساییەکان ڕووندەکاتەوە، سەبارەت بە دادپەروەریی لە مافە سیاسییەکان وەک ئازادی قسەکردن و بەشداری سیاسی و مافە کۆمەڵایەتییەکان (طرازکوهی، 1392 : 278).

مارشاڵ پێیوایە فراوانکردنی هاوولاتیبوون بۆ دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان لە بەرنامەکانی پەروەردە، تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، هەروەها دابینکردنی سوودی ماددی لە ڕێگای دەوڵەتی خۆشگوزەرانەوە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتنی نەتەوەیی. ئەو پێیوایە کە مافی یەکسانی هاوولاتیبوون یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی یەکگرتنی نیشتمانی ئەو گروپانەی کە پەراوێزخراون. ئەم مافانە هەستێکی ڕاستەوخۆی ئەندامێتی کۆمەڵایەتین کە بنەمای دڵسۆزی بەرهەمدەهێنن بۆ شارستانیەتێک کە موڵکی گشتی بێت (کیملیکا، 1398 : 353).

مارشاڵ لە بەرهەمە کلاسیکییەکەیدا بە ناونیشانی (چینی کۆمەڵایەتی و هاوولاتیبوون-1950)، هاوولاتیبوون بە پەیوەندی نێوان تاک و حکومەت دادەنێت و لە ئاستی مافە (مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی)ەکاندا، لێیدەکۆڵێتەوە. بنەمای ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە نابێت هیچ یەکێک لە مافەکان لە پێشەوە بێت کە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەتبکرێنەوە. ئەم خاڵە پێداگری لەسەر ئەوەدەکات کە مافە مەدەنی و سیاسییەکان پێویستە ببنە هۆکاری لەخۆگرتنی مافە کۆمەڵایەتییەکان (ذکائی، 1391 : 12).

مارشاڵ بانگەشەی ئەوەدەکات کە لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا، مافی هاوولاتیبوون لە بوارە جیاوازەکاندا لەناو تیۆری سیاسییەوە باسی لێوەکراوە، بۆنموونە: مشتومڕە پێوەرییەکانی نێوان تیۆرەکانی لیبراڵەکان و دیموکراسییەکان. بۆیە مارشاڵ گرنگییەکی بنەڕەتی داوە بە بواری گونجاوی مافی هاوولاتیبوون لە شێوەی سێ چین لە مافەکاندا (طرازکوهی، 1392 : 279). هاوولاتیبوون تەنیا پێگەیەک نییە بۆ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی ئەندامانی تەواوی کۆمەڵگای نەتەوەیی دەکەن، بەڵکو دامەزراوەیەکە لە ڕووی مێژووییەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پەرەپێدراوە. لە ڕێگەی ئەم ڕەوتە مێژووییەوە، مارشاڵ دەریدەخات سێ جۆری جیاوازی مافی هاوولاتیبوون هەیە. بە بڕوای ناوبراو لە سەدەی هەژدەهەمەوە هاوولاتیبوونی مەدەنی بۆ زۆربەی خەڵک مسۆگەربووە و پێکهاتبوو لەو مافانەی کە پێویستن بۆ ئازادیی تاک. لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاوولاتیبوونی سیاسی بە زۆربەی خەڵک دراوە کە مافی بەشداری سیاسییە. لە کۆتاییدا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا هاوولاتیبوونی کۆمەڵایەتی جێگەی خۆی دەکاتەوە کە پەیوەندی بە سوود و یارمەتیدان و ئامرازەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانەوە هەیە (ڤوت، 2004 : 74). بە بۆچوونی مارشاڵ، هاوولاتیبوون پێگەیەکە دەدرێت بەو کەسانەی کە ئەندامێتی کۆمەڵایەتی تەواویان هەیە، هەموو ئەو کەسانەی ئەم پێگەیەیان هەیە بەپێی ئەو ماف و ئەرکانەی پێیاندراوە یەکسانن لەگەڵ یەکتردا، بۆیە سێ جۆری مافی هاوولاتیبوون جیادەکاتەوە (رحمانی خلیلی، ١٣٩٥: 50).

لێرەدا دەردەکەوێت سێ بوارە سەرەکییەکەی مافەکانی هاوولاتیبوون بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: مافی مەدەنی کە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی دەستڕاگەیشتن بە دادگای دادپەروەرە. دووەم: مافی سیاسی کە بریتییە لە بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی خۆجێیی و نەتەوەیی. سێیەم: مافی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە مافی دەستڕاگەیشتن بە ئامرازی خۆشگوزەرانی ئابووری و ئاسایش و مافی بەشداری کۆمەڵایەتی و ژیانکردن لە کۆمەڵگایەکدا کە هەمووان تێدا مافی یەکسانیان هەبێت. ئەم مافانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی یاساییدا بۆ هاوولاتیان دەستەبەردەکرێن.

دەتوانین بڵێین مارشاڵ سێ قۆناغی گەشەسەندنی هاوولاتیبوون لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا دەخاتەڕوو، لە قۆناغی یەکەمدا: مافی کەسەکان لە ڕێگای سیستەمی دادپەروەرانە بووە بە پاراستنی ماف و ڕێگادان بە تاک لە بەرگریکردن لە خۆی، چونکە مەرجی یەکەمی هاوولاتیبوونە کە لە کۆمەڵگادا بتوانێت دادپەروەرانە بژیت. لە قۆناغی دووەمدا: پێدانی مافی سیاسی کە دوابەدوای دروستبوونی دەوڵەت و نەتەوە بەدەستهاتووە و بریتیبووە لە مافی دەنگدان و دەربڕینی ئازادانەی بیروباوەڕ کە ئەمانەش لە سەرەکیترین مافە سیاسییەکانن. لە قۆناغی سێیەمدا: مافی کۆمەڵایەتی هاوولاتیانە کە لەگەڵ هاتنی بیرۆکەی بونیادنانی دەوڵەتی خوشبژێودا بە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، مافی کار، مافی دەستەبەرکردنی خوشگۆزەرانی ژیان و بەختەوەری دروستبووە. ئەم مافانە بۆ ئەوە بووە کە کۆمەڵگایەکی بەهێز دروستبێت لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

مافە مەدەنییەکان لە قۆناغی پێکهاتنیاندا یەکێکن لە زیادکردنی پلەبەپلەی مافە نوێیەکان بۆ پێگەیەک کە پێشتر بوونی هەبووە و بۆ هەموو ئەندامانی پێگەیشتوو لە کۆمەڵگادا دانراوە. ئەندامی کۆمەڵگایەک کە یەکسانی بۆ هەموو هاوولاتییەک دابینکراوە، بۆیە لە شارەکاندا زاراوەی ئازادی و هاوولاتیبوون گۆڕدرا؛ کاتێک ئازادی گشتگیربوو، هاولاتیبوون گەشەیکرد لە دامەزراوەیەکی ناوخۆییەوە بۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانی(Marshall, 1950: 18).

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بۆچوونانەی مارشاڵ بکەین دەبینین هەر کاتێک دەسەلات بتوانێت سەرجەم مافەکانی هاوولاتیان دابینبکات بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە لە چوارچێوەی یاسادا، لە بەرامبەردا هاوولاتیان دڵسۆز دەبن بەرامبەر بە وڵاتەکەیان، چونکە لە هەر شوێنێک یاسا جێبەجێ نەکرابێت، مافەکانی هاوولاتیانیش پشتگوێخراون.

بنەمای تیۆرەکە بیرۆکەی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانەی ماف و ئەرکەکانە، دەتوانین ئەم مانایە لە لێکدانەوە کلاسیکییەکەی مارشاڵ و لەم دواییانەشدا لە کارەکانی ڕاڵزدا ببینین، بۆیە هاوولاتی پابەندە بە گوێڕایەڵی یاسا و بەگشتی نابێت ڕێگریبکات لە بەهرەمەندبوونی کەسانیتر لە مافە یاساییەکانی خۆیان (طرازکوهی، 1392 : 357).

مارشاڵ جەختدەکاتەوە لەسەر کاریگەرییەکانی کەمبوونەوەی نایەکسانییەکان سەبارەت بە سیستەمی خزمەتگوزاری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، نیشتەجێبوون و چەندین بواریتر. پێویستە سەرجەم مافەکان بۆ هاوولاتیان دابینبکرێن و ناکرێت مافی مەدەنی و سیاسی تەواو هەبێت بەبێ بوونی مافە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنموونە: مافی خۆشگوزەرانی یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ. لە بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا حکومەت ناچارە بە دابینکردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی هاوولاتیان لە کاروباری خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا.

مارشاڵ پێیوایە بیرۆکەی هاوولاتیبوون، فشاری گرنگی گەشەسەندنی لەسەر حکومەتە مۆدێرنەکاندا دروستکردووە. وا دەبینێت بانگەشەی سەرەتایی سەبارەت بە مافە یاساییەکان لە بەریتانیا بۆ کۆمەڵێک داواکاریتر لە پێناو پەرەپێدان و فراوانکردن و قووڵکردنەوەی ئەو مافانەی کە لێیەوە سەرچاوەدەگرێت کۆتاییهات. زیادبوونی هێز و ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی بەرەو مافە یاساییەکان برد، بووە هۆی پەرەسەندنی تێڕوانینە زانستییەکانیتر بۆ سروشت و هاندان و پشتڕاستکردنەوەی پێشمەرجەکانی کۆمەڵگای سیاسی گشتی بەو کاریگەرییە زیادەی کە لە هەموو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بە سوودوەرگرتن لە هاوولاتیبوون سەریهەڵداوە کە زیادکردنی هەستیاری بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی ئایینی، نەتەوە و ڕەگەز لە گۆڕاوە بنەڕەتییەکانن (طرازکوهی، 1392 : 450). بۆیە مارشاڵ لە تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتی خۆشگوزەران دەکاتەوە کە ئەو مافانە دابیندەکات. پێیوایە مافە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی بیستەمدا بەشێوەی مۆدێرن پەرەیان سەندووە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا، لەوانەش پەروەردەی گشتی و خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەو توخمە کۆمەڵایەتییەکەی بەم شێوەیە پێناسەکردووە کە کۆمەڵێک مافە لانیکەم خۆشگوزەرانی ئابووری و ئاسایش لەخۆدەگرێت تا دەگاتە مافی بەهرەمەندبوونی تەواو لە میراتی کۆمەڵایەتی و مافی ژیان وەک بوونەوەرێکی شارستانی (خسروی، 1398 : 119). بنەمای مافە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە پێگەی هاوولاتیبوون یان بە ڕوونی ڕەتدەکرایەوە یان بە دڵنیاییەوە دانیان پێدانەدەنرا، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، پەروەردە وەکو پرسێکی گونجاو بە ئەرکی دەوڵەت دەزانرێت، پەروەردەی منداڵان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هاوولاتیبوون هەیە. کاتێک دەوڵەت دەستەبەری ئەوەدەکات کە هەموو منداڵان

پەروەردەبکرێن، بە دڵنیاییەوە مەرجەکان و سروشتی هاووڵاتیبوونی لەبەرچاوگرتووە و هەوڵدەدات گەشەی هاووڵاتیان لە دروستکردندا هانبدات. بۆیە مافی خوێندن مافێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی هاووڵاتیبوونە (Marshall, 1950: 25).

هەرچەندە هاووڵاتیبوون لە ڕوانگەی مارشاڵەوە بە پلەی یەکەم بابەتی مافەکانە، بەڵام ئەندامێتی تەواو لە کۆمەڵگای هاووڵاتیدا پێویستی بە بەشداریکردن هەیە. ئەو نەک هەر پێیوایە داوای مافی نوێی تاکەکەسی، پێویستی بە هەوڵی بەکۆمەڵ هەیە لە مافە کۆنەکان، بەڵکو لیستێکی درێژی پابەندبوون دەبەخشێت کە ئەم ئاماژەیە لە وتارەکانی مارشاڵدا دەردەکەوێت و داوای ئەو بەشدارییە لە هاووڵاتیان دەکات، بەڵام بەشداری کۆمەڵایەتی نەک سیاسی کە ئاماژەیە بۆ کار و خزمەتکردن لە پێناو بەرەوپێشبردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا. بۆیە بەشداریکردن تەنها ئامرازێکی کاتییە بۆ فراوانکردنی بازنەی مافی هاووڵاتیبوون (ڤوت، 2004 : 76).

هیچ بنەمایەکی گشتگیر نییە کە دیاریبکات ئەو ماف و ئەرکانە چین؟ بەڵکو ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا هاووڵاتیبوون دامەزراوەیەکی گەشەسەندووە، وێنەی هاووڵاتیبوونێکی نموونەیی دروستدەکات کە لە بەرامبەردا دەتوانرێت بپێورێت و ئاڕاستەبکرێت بۆ ئەو ویستەی کە پاڵنەرێکە بۆ پێوەرێکی تەواوتری یەکسانی، دەوڵەمەندکردنی ئەو شتەی کە پێگەی بۆ دروستکراوە و زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێگەیان پێدراوە، لەلایەکیتر چینی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی نایەکسانییە و وەک هاووڵاتیبوون دەتوانرێت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نموونە، بیروباوەڕ و بەها بێت. بۆیە ژیرانەیە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە کاریگەری هاووڵاتیبوون لەسەر چینی کۆمەڵایەتی لە شێوەی ململانێی نێوان بنەمای دژیەکدا بێت (Marshall, 1950: 29). هاووڵاتیبوون لەو پێگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە جۆری دادپەروەری دیاریدەکات کە دەتوانێت چۆن و لە کوێ بەدەستیبهێنێت؟ شێوازی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو کۆمەڵگایەی کە هاووڵاتی تێیدا ئەندامە، بەڵام ئەم پێگەیە بە مانا مۆدێرنەکەی پێگەی هاووڵاتیبوون نییە. لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا پێگە نیشانەی چینایەتی و پێوەرێکی نایەکسانی بوو، دیاریکردنی ماف و ئەرک یەکسان نەبوو کە هەموو هاووڵاتیان بەهۆی ئەندامێتی لە کۆمەڵگادا پێیان بەخشرابێت، بۆیە هیچ بنەمایەکی یەکسانی هاووڵاتیبوون نەبوو کە دژی بنەمای نایەکسانی چینەکان دابنرێت، لە لایەکیترەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نموونەی هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە و یەکسان دەدۆزرێتەوە، بەڵام ماف و ئەرکە تایبەتەکانی ناوخۆیی بوون (Marshall, 1950: 12). بەگشتی وەسفکردنی مارشاڵ بۆ هاووڵاتیبوون، ئەو پێشگریمانەیە لە تیۆری سیاسیدا بەهێزتردەکات کە هاووڵاتیبوونی مۆدێرن مەرجێکی پێویستە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مۆدێرندا، هەرچەندە گرنگە ئاماژە بەوەبکەین کە ئارگومێنتەکەی مارشاڵ زۆر زیاتر پەیوەندی بە تیۆری سیاسەتمەداری بەریتانی جۆن لۆک (John Locke:1632-1704)وە هەیە و هەردووکیان لە بنەڕەتدا سەرنجیان لەسەرە و جەختی سەرەکییان لەسەر مافی هاووڵاتیبوونە (طرازکوهی، 1392 : 279).

## 2-3.مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لەبەرڕۆشنایی تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵدا

کۆمەڵگای شار ژینگەیەکە کە هاووڵاتی تێیدا دەژیت، یەکێک لەو هۆکارانەی کە هاووڵاتی دەتوانێت بەشداربێت لە خۆشی و چێژ لە ژینگەی شاردا وەربگرێت، ڕەچاوکردنی مافەکانی هاووڵاتیبوونە. دابینکردنی مافەکانی هاووڵاتیبوون لە کۆمەڵگادا بەزۆری دەتوانرێت بە دوو شێوە ئەنجامبدرێت، کە بریتین لە: **یەکەم**: جێبەجێکردنی یاسا. **دووەم**: گەشەپێدانی ئاکاری و کولتووری کۆمەڵگا (قندی و پورعزت، 1390 : 11). بەپێی بۆچوونی (مارشاڵ) هاووڵاتیبوون بەسەر سێ توخمدا دابەش کراوە، مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەو هەوڵیداوە نیشانییدات کە مافە مەدەنییەکان لە پێش هەموو شتێکەوە هاتوون، لە لایەکیتر مافە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا تا خاڵی لەناوچوون نووقمبوون و بوژانەوەیان بە پەرەپێدانی پەروەردەی سەرەتایی گشتی دەستی پێکرد تا سەدەی بیستەم کە گەیشتنە هاوبەشی یەکسان لەگەڵ دوو توخمەکەیتری مافی هاووڵاتیبووندا (Marshall and Bottomore, 1992 : 17).

مافەکانی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لەبەرڕۆشنایی تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم مافانە لە چوارچێوەی ڕێسا و یاساکاندا بەدیاردەکەون، بۆیە پێویستە هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان لە مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و مەدەنییەکان سوودمەندبن، چونکە بە نەبوونی ئەم مافانە مانای ڕاستەقینەی چەمکی هاووڵاتیبوون

کاڵدەبێتەوە. لە هەر شوێنێک مافەکانی هاووڵاتیان دابیننەکرێن هەستی پەراوێزبوون و نائومێدی دروستدەبێت، کەواتە دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی هاووڵاتیان بەپێی یاسا و دەستوور و جێبەجێکردنیان ئەرکێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و دروستکردنی دڵنیایی و متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا.

لە هەرێمی کوردستاندا نابەرامبەری لە دابەشبوونی سامان، ناڕوونی داهاتی نەتەوەیی، بێکاری، کەمی مووچە، کەموکورتی لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی ژیان کاریگەری نەرێنییان لەسەر ژیانی تایبەتی هاووڵاتییان دروستکردووە. بۆیە مافەکانی مرۆڤ نەک هەر تەنها لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگوێخراون، تەنانەت هاووڵاتییانیش بەرامبەر بە یەکتری بە ڕەوای نابینن، دەشێت ئەوە خراپترین ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بێت لە ڕۆژگاری ئێستادا کە خۆی دەبینێتەوە لە بێڕێزیەوە بۆ بێ بەهاکردنی ژیانی مرۆڤ (قادر، 2023: 29).

یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی سەروەریی یاسا دەکرێت بە هەبوونی دەستوور وێنابکرێت، ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێت کۆمەڵێک بنەمای یاسایی بنەڕەتی لەناو سیستەمێکی یاساییدا هەبن کە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و یاساکانی دەوڵەت دیاریبکەن. یاسا بنەڕەتییەکان پێویستە ئەو دامودەزگایانەی دەوڵەت دیاریبکەن کە بەرپرسیاردەبن لە جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتانە، هەروەها ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە لە نێوان ئەو دامودەزگایانەدا، لەگەڵ ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان و پێکهاتە تایبەتەکان (معهد راؤول ويلنبيرغ الحقوق الإنسان والقانون الإنساني ومعهد لاهاي لتدويل القانون العام،2012 : 10). دەستوور لە یاسا باڵاترە، دەرکردنی هەر یاسایەک کە زیان بەو مافە سروشتییانە بگەیەنێت کە لە دەستووردا دەستەبەرکراوە، ڕێگەپێدراو نییە، هەروەها ئەو کارانەی کە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت. پێویستە ڕێز لە بنەمای پێویستی و ڕێژەیی سزاکان بگیرێت، بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ دەستووردا بگونجێت (متيو، 1391، 33). هەرچەند باری نەتەوایەتی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزبێت و توانای دەستتێوەردان و فشاری دەرەکی لە ئارادابێت و کێشەکان کۆن و زۆربن، ئەوەندە سەلماندن و جێگیرکردنی ماف و خواستەکان لە بوارە جیاجیاکان سەختتردەبن، بۆیە هەر وڵاتێک بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە و ناوەڕۆکی دەستووریش ڕێگە چارەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان (سالم، 2011 : 52). لەبەرڕۆشنایی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ، کەواتە بەپێی دەستووری عێراق خەڵکی کوردستان هەمان مافیان هەیە. بۆیە لەم دەستوورەدا زۆربەی ئەو مافانەی کە پێویستە هاووڵاتی لەناو وڵاتێکدا هەیبێت ئاماژەپێدراوە، بەڵام تا چەند ئەم مافانە بەپێی دەستوور جیبەجێکراون، جێگای هەڵوەستەکردنە؟ ئایا بە شێوەیەکی دادپەروەر خەڵک خۆی بە خاوەنی ئەم مافانە دەزانێت؟

بەپێی دەستوور و بە دەرچواندنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی، زۆربەی مافەکانی هاووڵاتیبوون بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان مسۆگەرکراون، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پێشێلی هەندێک لە مافەکان دەکرێت. بۆیە زۆربەی چین و توێژەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی ڕێکخراو یان نارێکخراو لە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەم مافانەدان، بەڵام تا ئێستا مافەکانی هاووڵاتیبوون بەشێوەیەکی یەکسان بەدینەهێنراون، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاکارییەی لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەروەها نادادپەروەرییەی لە دابەشکردنی سامان و داهاتی وڵات، هەبوونی گەندەڵی و دەستتێوەردانێکی زۆری دەرەکی لە عێراقدا.

لە دەروازەی دووەمی دەستووری عێراقی ساڵی (2005) مافەکانی هاووڵاتیان دەقنووسکراون کە لە ماددەکانی (4 تا 46) دەگرێتەوە و تیایدا مافەکان بۆ تەواوی هاووڵاتییانی عێراق بە کوردیشەوە بە دەقی دەستووری ڕێکخستووە، لێرەدا لەبەرڕۆشنایی دیدگای ئەم تیۆرە مافەکانی هاووڵاتیبوون، لە چوارچێوەی ئەو ماددانەی کە لە دەستووری عێراقدا پەیوەستن بە مافە کۆمەڵایەتی، مەدەنی، سیاسی و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو:

لە دەروازەی دووەمیدا مافەکانی هاووڵاتیانی دەقنووسکردوون کە لە ماددەکانی (4 تا 46) دەگرێتەوە و تیایدا مافەکان بۆ تەواوی هاووڵاتییانی عێراق بە کوردیشەوە بە دەقی دەستووری ڕێکخستووە، هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دانراون (413) یاسان، لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی دیدگای ئەم تیۆرە مافەکانی هاووڵاتیبوون، لە چوارچێوەی ئەو ماددانەی کە لە دەستووری عێراقدا ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دانراون و پەیوەستن بە مافە کۆمەڵایەتی، مەدەنی، سیاسییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

### 1.2.3 مافە مەدەنییەکان

مارشاڵ پێیوایە مافە مەدەنییەکان لە قۆناغی پێکهاتنیاندا یەکێکن لە زیادکردنی پلەبەپلەی مافە نوێیەکان بۆ پێگەیەک کە پێشتر بوونی هەبووە و بۆ هەموو ئەندامانی پێگەیشتوو لە کۆمەڵگادا دانراوە (Marshall, 1950: 18) . لە ڕۆشنبیری هاوچەرخدا هاووڵاتی کەسێکە سەر بە شار یان وڵاتێکە و لە مافەکانی تایبەت بە شارەکە بەهرەمەندە. لە یەکێک لە کولتوورەکانی زانستی سیاسیدا هاووڵاتی بەو کەسە دەناسرێت کە مافە مەدەنی یان جیاوکەکانی لە دەستووری وڵاتێکدا هاتووە (علی، 1939 : 28). تاکە ناسنامەیەک کە هاووڵاتیانی سیستەمێکی سیاسی بێ گوێدانە جیاوازییەکانیان هەیانە ناسنامەی مەدەنییە. ناسنامەی مەدەنی بریتییە لەوەی: هەموو هاووڵاتیان بە یەکسانی مافی پابەندبوونی ئازادانەیان هەیە بە هەندێک بنەمای مەدەنی و بەهای دیموکراتی لە وڵاتدا کە هەمە چەشنییەکی زۆریان هەیە لە ناسنامەی ئایینی، ڕەگەزی و نەتەوەیی (ذکائی، 1391 : 10). یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەروەری یاسا لەسەر ئاستی نیشتمانی هەیە، ئەمە بە ڕوونی لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە دەسەڵاتی دەوڵەتان لە بەرامبەر هاووڵاتیان و دانیشتووانی خۆیان سنوورداردەکات بە دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی وەک: مافی ئازادی ڕادەربڕین، گردبوونەوە و ئازادییەکانیتر (معهد راؤول ويلنبيرغ الحقوق الإنسان والقانون الإنساني و معهد لاهاي لتدويل القانون العام، 2012: 30)، بۆیە بنەما دەستوورییەکان لەگەڵ بەهای خودی یاسادا دەناسێنرێن، یاسا یان یاساییبوون کە وەک بەهایەکی ئاکاری یان سیاسی تێیدەگەین، پەیوەندییەکی نزیکیان بە بەها بنەڕەتییەکانی وەک ئازادی و دادپەروەرییەوە هەیە (Allan, 2013: 88). فەیلەسوفی سیاسی ئەمریکی جۆن ڕاوڵز(John Rawls:1921-2002) بەو ئەنجامە دەگات کە هەموو هاووڵاتییەک تا ئەوپەڕی ڕادەیەک لە سنووری سیستەمی ئازادییەکاندا مافی یەکسانی هەیە و مافە سەرەتاییەکانی هاوتەرییە لەگەڵ سیستەمێکی ئازاد بۆ هەمووان (ڤوت، 2004: 77). بۆیە هاوڵاتیبوون چەمکێکی ئیستاتیک نییە، بەڵکو چەمکێکی پەرەسەندووە کە بەپێی دۆخی گەشەسەندنی یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا گەشەدەکات و بەرەوپێشدەچێت. لێرەوە هاوڵاتیبوون نوێنەرایەتی یادەوەرییەکی مێژوویی دەکات کە چاودێری جووڵەی هاووڵاتیان بەرەو ئازادی و دەسەڵات دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا زیندووە و پەیوەستە بە گەشەسەندنی کۆمەڵگاکانەوە (فوزي، 2007 : 27).

مافە مەدەنییەکان لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا لە چەندین مادده و بڕگەی دەستووری ئاماژەپێکراوە و تێیدا ماف و ئازادییەکان دەقنووسکراون. لەم دەستوورەدا هاتووە کە ئازادی و ڕێزی مرۆڤ پارێزراوە و هەموو جۆرەکانی سزادانی دەروونی، جەستەیی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە قەدەغەیە، هەروەها گرنگی بە ئازادی ڕادەربڕین دراوە و هاووڵاتیان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتیان بە پێی ئاین، ئاینزا، بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەو بڕگانەی کە تایبەتن بە مافی ئازادییەکان لە دەستووری عێراقیدا بخەینەڕوو:-

ماددەی(37) :

یەکەم:

أ – ئازادی و ڕێزی مرۆڤ پارێزراوە.

ب – نابێت کەس دەستگیربکرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت تەنها بەپێی بڕیاری دادگا نەبێت.

ج – هەموو جۆرەکانی سزادانی دەروونی و جەستەی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە قەدەغەیە و هەر دانپێدانانێک بەزۆر یان هەڕەشە یان سزادان بێت هیچ بایەخێکی یاسایی نییە، زیانلێکەوتوو مافی ئەوەی هەیە بەپێی یاسا داوای قەرەبوو بکات لەو زیانە ماددی و مەعنەوییانەی کە لێیکەوتووە.

ماددەی(38) : دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەئەستۆ بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی:

یەکەم: ئازادی دەربڕین بە هەموو شێوەکان.

دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی(41) : عێراقیەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتیان بەپێی ئاین و ئاینزاو بیروباوەڕو هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی(42) : هەر تاکێک مافی ئازادی بیر و باوەڕی هەیە.

ماددەی(46) : جێبەجێکردنی هەریەکێک لەو ماف و ئازادیانەی لەم دەستوورەدا هاتووە نابێت سنووردار بکرێت یان دیاریبکرێت تەنها بە یاسا یان بە پشتبەستن بە یاسا نەبێت، بە مەرجێک ئەو سنوردارکردن و دیاریکردنە ناوەرۆکی ماف و ئازادیەکان نەشێوێنێت.(دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ: 2005).

لە لایەکیتر لە پەرلەمانی کوردستان هەندێک یاسا دانراون کە پەیوەستن بە مافە مەدەنییەکانی هاووڵاتیان وەکوو: یاسای رۆژنامەگەری، یاسای ریکخستنی خۆپیشاندان، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان، یاسای زمانە فەرمییەکان، یاسای کێبرکێ و قەدەغەکردنی قۆرەخکاریی، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن کە بەمشێوەیە خوارەوە دەخەینەڕوو:

-یەکێک لەو یاسا مەدەنیانەی کۆ بۆ زامنکردنی ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستان دەرچوێنراوە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان بووە لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری بە ڕوونی و پیشەیی و دەربڕینی بوچوونەکان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

-لەبەرئەوەی خۆپێشاندان مافێکی دەستوورییە و بۆ مسۆگەرکردن و وەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی و رێزگرتن لە ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2010) یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانراوەوە.

- لە پێناو پاراستن و دەستەبەرکردنی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و ئابورییەکانی پێکهاتەکان بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بۆ چەسپاندنی گیانی رێزگرتن و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە نێوان هاووڵاتیان یاسای ژمارە (5)ی ساڵی (2015) یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانراوەوە.

-بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی شارستانی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2008) یاسای خراپ بەکارهینانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنە لە هەرێمی کوردستان -عێراق ئەم یاسایە دانراوە.

- لە یەکەمین گرەنتی کە سەروەریی یاسا و پاراستنی مافی هاووڵاتیان پارێزگاری کردنە لە ئازادی کەسایەتی کە لە بنچینەدا مرۆڤ بێ تاوانە، بۆیە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی (2010) یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانراوە.

-یەکێک لەو یاسایانەی کە پەیوەستە بەرەهەندیی ئازادییەوە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2013) یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان -عێراق لە پێناو چەسپاندنی پرنسیپی شەفافیەت و رێکخستنی پێشکەشکردنی زانیاری دروست و مافی هاووڵاتی لە دەسکەوتنیان.

-بۆ زامنکردنی پاراستن و پتەوکردنی مافی مەدەنی و ئەو ئازادییانەی کە لە دەستوور و یاسا بەرکار و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی و پرۆتۆکۆلە پەیوەستەکان پێیانەوە هاتووە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2010) یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانراوەوە.

-لەبەر رۆشنایی ماددەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایک و رێزگرتنی زیاتر لەسەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2014) یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانراوە.

-لە سۆنگەی ئەوەی کە ئازادی و ئارامی هاووڵاتیان پەیوەستن بەیەکەوە، -یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2018)ی یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (28)ی ساڵی (2012) لەهەرێمی کوردستان لەپێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە ترسناکەکانی تاوانەکە و پاراستنی شکۆی هاووڵاتیان.

-یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2018) یاسای کارپێکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3) لەهەرێمی کوردستان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تیرۆر پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

و دابینکردنی ئاسوٚدەیی و سەقامگیری.

سەبارەت بە مافە مەدەنییەکانی هاوولاتیان لە هەرێمی کوردستاندا دەبینین کە بە پێی پێویست دەستەبەرنەکراون، زۆربەی ئازادییەکانی هاوولاتیان لە بەردەم پێشێلکاریدان و ڕێگرییەکی زۆر هەیە لە بواری ئازادی دەربڕین، ڕۆژنامەگەری، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان. ڕاپۆرتی ساڵی 2024ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژە بە پێشێلکاریی دەکات بەرامبەر بە ئازادی ڕادەربڕین، ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێم، خراپی ڕەوشی بەندیخانەکانی هەرێم و پێشێلکاریی بەرامبەر بە پێکهاتەکان، هەروەها خۆپیشاندان و گردبوونەوە و زۆربوونی دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.(ڕاپۆرتی ساڵی 2024ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ). بەگشتی مافە مەدەنییەکان گیرۆدەی بیرکردنەوەی تەسکی حیزبی، ئایینی و ناوچەگەرییین، بەشێوەیەک کە هەندێکجار هاوولاتیان بەبێ هیچ هۆکارێک ڕووبەڕووی دەستگیرکردن و تەنانەت کوشتن دەبنەوە، لە لایەکیتر بەردەوام پێشێلکاری بەرامبەر بەو هاوولاتیانە دەکرێت کە خاوەن ئایدۆلۆژیای حیزبی جیاوازن لە لایەن ئەو زۆنەی کە دەسەڵاتدارە، بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادگا. هاوولاتی لەسەر ڕەخنەگرتن دەستگیردەکرێت یان ڕووبەڕووی ئازاردان و ئەشکەنجەدان دەبێتەوە، وێڕای ئەمانە ئازادی گردبوونەوە و خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستاندا، بە یاسای دیاریکراو مەرجدارکراوە بە وەرگرتنی مۆڵەت، کە ئەمە ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخە لەناکاوەکان و بانگەشەی هەبوونی مافی ئازادی بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ.

### 2.2.3 مافە کۆمەڵایەتییەکان

مارشاڵ پێیوایە فراوانکردنی هاوولاتیبوون بۆ دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان لە بەرنامەکانی پەروەردە، تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدایە (کیملیکا، 1398 : 353). مافە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەن بۆ مافە سروشتییەکانی هەر کەسێک بۆ سوودمەندبوون لە کەمترین ستانداردی مافەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی. مافە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانییەوە هەیە، بە واتایەکیتر مافە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێکی تایبەتن لە زنجیرە ئەرکەکان کە حکومەت لەبەردەم خەڵکدا هەڵیدەگرێت، وەک: دابینکردنی کار بۆ هەمووان و باشترکردنی بارودۆخی کار و ژیان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، خۆراک، خانووبەرە و تەندروستی. هەموو ئەمانە ئەمڕۆ وەک مافی کۆمەڵایەتی دادەنرێن (علی، 1939 : 105)، بەمەش ناوەڕۆکی هاوولاتیبوون، نەک تەنیا مافە مەدەنی و سیاسییەکانە، بەڵکو مافە کۆمەڵایەتییەکان و مافەکانی وەرگرتنی ئاسوودەیی ژیان لەخۆدەگرێت (ڤوت، 2004 : 72). بۆیە مافی کۆمەڵایەتی، مافێکە کە بە کەمترین ستانداردی گونجاو دادەنرێت بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو(رحمانی خلیلی، 1395: 15). لە لایەنی مافە کۆمەڵایەتییەکانی هاوولاتیبوون و بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هاولاتیبوون و ڕەهەندی خۆشگوزەرانی دەوڵەتی مۆدێرن، دابینکردنی خۆشگوزەرانی هاوولاتیان پێویستی بە دروستکردنی ڕێژەیەکی بەرفراوان لە مافە جێبەجێکراوەکانە کە لە نێو ئەو مافانەدا دەتوانین ئاماژە بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، پلانی بێکاری، بیمەی تەندروستی، دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بکەین (کیویستو و فایست، 1399 : 28)، بۆیە پەرەپێدانی مافە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەکەم لە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانەوە بەدامەزراوەیی دەکرێت، بە مامناوەندکردنی بەرچاوی سیستەمی سەرمایەداری و هەندێک لە لایەنە نەرێنییەکانی نایەکسانی (رحمانی خلیلی، ۱۳۹۵: 52). کۆمەڵناسی ئەمریکی تاڵکۆت پارسۆنس (Talcott Parsons:1979–1902) لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا لێکدانەوەی بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکان کردووە کە وەکو پێشمەرجێک بۆ یەکگرتنی سیاسی دادەنرێت و چوار بواری سەرەکی لەخۆدەگرێت، یەکەم: مافی کارکردن. دووەم: دەرفەتی ڕاهێنان لە بازاڕی کار و مافی سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاری و یارمەتییە پەروەردەییەکان. سێیەم: خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. چوارەم: مافی هەبوونی پێوەرێکی دیاریکراو بۆ هاوولاتیان (رحمانی خلیلی، 1395: 170).

لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا گرنگییەکی زۆر بە مافە کۆمەڵایەتییەکان دراوە، هەبوونی ژیانێکی ئاسوودە و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار بەپێی یاسایە بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەریی دەستەبەرکراون. هەروەها لە ڕووی تەندروستییەوە مافی چاودێری تەندروستی و پێداویستییەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردن بۆ هاوولاتیان

دەستبەرکراوە و هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی پاکدا بژیت، هەروەها لە بواری پەروەردەدا مافی سەرجەم عێراقییەکان بە پێی یاسا پەروەردەییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان. لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەو برگانەی کە تایبەتن بە مافە کۆمەڵایەتییەکان لە دەستووری عێراقیدا بخەینەڕوو:-

ماددەی(22) : یەکەم: کارکردن مافی هەموو عێراقییەکانە بەجۆرێک کە ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات. دووەم:یاسا پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنی کار رێکدەخات لەسەر بنەمای ئابووری و بە ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

سێیەم: دەوڵەت مافی پێکهێنانی ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەییەکان و بوون بە ئەندام تێیاندا دەپارێزێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی(31) : یەکەم: هەموو عێراقییەک مافی چاودێری تەندروستی هەیە و دەوڵەت گرنگیدەدات بە تەندروستی گشتی و پێدوایستییەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردن دابیندەکات لە ڕێگای بنیاتنانی نەخۆشخانە و دامودەزگای تەندروستی جۆراوجۆرەوە.

ماددەی(33) : یەکەم: هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی پاکدا بژیت.

دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و هەمەجۆری زیندەوەران لە ئەستۆدەگرێت.

ماددەی(34) یەکەم: فێرکردن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و مافێکە دەوڵەت دابینی دەکات، لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زۆرەملێیە و دەوڵەتیش لەناوبردنی نەخوێندەواری لە ئەستۆدەگرێت.

دووەم: خوێندنی بە خۆڕایی مافی هەموو عێراقیەکانە لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

سێیەم: دەوڵەت هانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەو شێوەیەی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و سەرپەرشتی داهێنان و دۆزینەوەی نوێ سەرجەم جۆرەکانی بلیمەتی دەکات.

چوارەم: فێرکردنی تایبەت و ئەهلی دەستەبەردەکرێت و بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی(4) : یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا (دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ: 2005).

لە لایەکیتر لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک یاسا دانراون کە پەیوەستن بە مافە کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان وەکو: یاساکانی کەرتی تەندروستی، پێشینەی هاوسەرگیریی، پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، لێبوردنی گشتی، دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران، سندوقی پشتگیری و هاوکاری، دیاریکردنی نەفەقەی منداڵان، دیاریکردنی تەمەنی تاوانکاریی، مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەنشینی کە بەمشێوەیە خوارەوە دەخەینەڕوو:

لە ساڵی (2001) کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتییەکان دانراوەن لەوانە:

- یاسای ژمارە (14)ی ساڵی (2001) یاسای دیاریکردنی تەمەنی تاوان لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە پێناو شێوازی هەڵسوکەوتکردن بەرامبەر بە منداڵ و بەرپرسیارێتی ئامادەکردنی بۆ ڕەهەندە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان.
- یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2001) یاسای سزادانی هەر پیاوێک کە لە دەرەوەی دادگا ژن مارە بکات.
- یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2001) یاسای نەفەقەی منداڵان و یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2001) یاسای تەلاقدانی بە زوڵم دانراون.

لە ساڵی (2007) کۆمەڵێک یاسایتری گرنگ تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتییەکان دانراوەن کە بریتین لە:

- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2007) یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەپێناو چاکسازی تاوانباران و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتییان، بۆئەوەی ئەو حوکمدراوانە دەرفەتێکیان پێبدرێت تاکو بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵ و دەستپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی، کە دووبارە لەبەر گرنگی یاساکە لە ساڵی (2012) یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2012) یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانرایەوە.

-یاسای ژمارە( 12)ی ساڵی (2007) یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی فراوانکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و دانانی ڕادەیەک بۆ دیاردەی هەژاری و بێکاری و دابینکردنی مافی خاوەن پێویستیەکان دانرا.

- بۆ ئەوانەی لە خەباتگێڕیدا تووشی پەککەوتەیی بوون یاسای ژمارە (34)ی ساڵی (2007) یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان-عیراق) دانراوە.

-یاسای ژمارە(37)ی ساڵی (2007) یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی ((جینۆساید)) لە هەرێمی کوردستان-عێراق دانراوە.

هەر لەچوارچێوەی مافە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک یاسا لە بواری تەندروستیدا دانراون:

- یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1993) کە تایبەت بوو بە هەردوو لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

-یاسای ژمارە(15)ی ساڵی (2007) یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان-عیراق، بۆ بەدیهێنانی تەندروستی و دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان لە ڕووی تەندروستی، جەستەیی، ئەقڵی و سایکۆلۆژییەوە.

-یاسای ژمارە (30)ی ساڵی (2007) یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەرگیریی لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەکی هۆشیار و تەندروست دوور لە نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان،

-لەبەر زۆربوونی ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی شێرپەنجە بە لەبەر چاوگرتنی تێچووە زۆرەکانی چارەسەری ئەم نەخۆشییە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2012) یاسای سندوقی کۆمەک بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق،

-یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2013) یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە پێناو پاراستنی مافی نەخۆشە دەروونییەکان و مسۆگەرکردنی چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆیان.

-هەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و لە پێناوی کۆمەڵگایەکی تەندروستی بێ جگەرەکێشان و ژینگەیەکی پاک و تەندروست بۆ هاووڵاتیان یاسای ژمارە (31)ی ساڵی (2007) یاســـــای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشـــــان لە هەرێمی کوردستان-عیراق دانراوە و یاساکە دووبارە هەموارکرایەوە بە ژمارە (5)ی ساڵی (2008).

- یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2018)ی یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان-عێراق لەپێناو ڕێکخستنی بەخشین لە کۆمەڵگادا و بەرجەستەکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتی و قوربانیدان و بەخشندەیی.

-یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2020)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، لە پێناو لەناوبردنی باندەکانی تاوانکاریی و زیانگەیاندن بە بنەماکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ڕەوشت لەناو کۆمەڵگەدا.

-یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2020)ی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی مافی نەخۆش و ئەرکەکانی لەپێناو فەراهەمکردنی پێویستییە تەندروستییەکانی جەستەیی، عەقلی و دەروونی.

- بە مەبەستی زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی، بەشداریکردن لە چاککردنی ژینگە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی(2012) یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان- عێراق دانراوە.

-لە لایەکیتر تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەموو کەسێک مافی ئاستێکی گوزەرانی هەیە لە نێویاندا نیشتەجێبوون، یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (2011) یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (7)ی ساڵی (2008). هەروەها دەرچواندنی یاسای پێشینەی خانووبەرە.

-بۆ گرفتی پێکهێنانی خێزان و هاوسەری وەکو گرفتێکی بەرجەستە و لەپێناو کەمکردنەوەی باری ئەم کێشەیە، یاسای ژمارە (17)ی ساڵی (2010) یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

-بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ یارمەتیدانی کەمئەندامان و خاوەن پێدوایستی تایبەت یاسای ژمارە (22)ی ساڵی (2011) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانراوەوە.

-بۆ گرنگیدان بە لاوان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی وزەکانیان و یارمەتیدانیان بۆ کەمکردنەوەی کێشەی ئابوورییان، یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2011) یاسای سەندووقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

-بۆ پشتیوانیکردن لە کرێکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و کۆمەڵایەتییان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2012) هەموارکردنی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (39)ی ساڵی (1971)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عیراق دانراوە،

-یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2012) یاسای هەموارکردنی یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە 12)ی ساڵی (1997)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانراوە.

-لە پێناو پاراستنی خێزان لە هەڵوەشانەوە و پاراستنی تاکەکانی و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بۆ دروستی و سەقامگیری و قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرێگای خۆپاراستن و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری و چاکسازی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2011) یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانراوە.

- لە پێناو پاراستن و فەراهەمکردنی مافەکانی منداڵ و پێدانی دەرفەتی یەکسان بە باوک و دایک بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان و جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەت و جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافی منداڵان یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (2015) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق دانراوە.

ئەگەر بە وردی تێبینی بکەین هەم لە مادده و بڕگەکانی دەستووری عێراق و هەم لە یاسا دەرچووەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕەچاوی مافە کۆمەڵایەتییەکان کراوە کە لەگە ڵ بنەما سە رەکییە کانی یاسای نێودە وڵەتی و ڕێککە وتننامە و پەیماننامەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یە کگرتووە کاندا بگونجێت، بڵاەم بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا مافەکانی هاووڵاتیان و پرسی دادپەروەریی کۆمەلایەتی لەژێر پرسیار و هەڵوەستەکردندایە، بەلام لە واقیعی کرداری بۆ یاساکان بارودۆخێکیترمان بۆ دەردەخات، پێچەوانەی ئەو مافانە نیشاندەدات کە لە دەستوور و یاساکانی هەرێمی کورسستاندا هاتووە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی )2024(ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ باس لە ڕەوشی تەندروستی هەرێم و خراپی ڕەوشی زۆربەی چین و توێژەکان دەکرێت، وەکو خراپی ڕەوشی ئافرەتان و توندوتیژی خێزان، لیژنەی ئاشتەوایی، ڕەوشی خانەی دالدەدانی ئافرەتان، ڕەوشی ماڵی بەساڵاچووان، ڕەوشی منداڵان، ڕەوشی خانەی نەوجەوانانی کچان و کوڕان، ڕەوشی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕەوشی خوێندن، دیاردەی سواڵکردن، توندوتیژی منداڵا ن)ڕاپۆرتی ساڵی 2024ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ(. لە لایەکیتر دەتوانین بڵێین دەرفەتی هەلی کار بۆ هە مووان دابین نەکراوە و بێکارییەکی زۆری ئاشکرا و شاراوە هەیە، تا ئێستا بیمەی تەندروستی و مافی چاودێری تە ندروستی لە لایەن حکومەتەوە گرنگی پێنەدراوە و هەبوونی نەخۆشخانە و دامودەزگای تەندروستی ناحکومی لە لایەک و بێ کوالێتی نەخۆشخاد ەحکومییەکان لە لایەکیتر. سەبارەت ب ەپرۆسەی فێرکردن جیاکاری هەی ەب ەهەبوونی قوتابخانە و زانکۆی حکومی و ناحکومی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هاووڵاتیان دروستبووە، کە هەموو ئەمانە بوونەتە سەختییەکی زۆر ل ەژیانی خڵەکدا. ژینگەیەکی پاک دابین نەکراوە و پیسبوون و ژەهراوییوونی کەش و هەوا ساڵان ەیەکێک ەل ەهۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبینین کە مافەکان تەنیا لە چواچێوەی دقی یاساییدا چەسپێنراون و لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پابەندنەبوون و کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە.

### 3.2.3 مافە سیاسییەکان

ئەو مافانەی کە خەڵک لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیانە، بە مافی سیاسی ناودەبردرێن، کە بریتین لە: مافی چارەی خۆنووسین، مافی چاودێریکردنی حوکمڕانی، لە سیستەمی سیاسیدا گەل و دەسەڵاتداران مافی یەکسانیان بەسەر یەکترەوە هەیە، وەک مافی گەل لەسەر حکومەت، ڕاوێژ لەگەڵ خەڵک، پەسەندکردنی دەنگی زۆرینە، گەشەسەندنی

رامیاری و ئاکاری نەتەوە و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی خەڵک (رحمانی خلیلی، 1395: 170). تەنانەت هەمووان ماف و دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە کۆمەڵگا بە یەکسانی گوێ لە قسەکانیان بگرێت (استیونسون، 1392 :31). بۆیە هاووڵاتی پەیوەستە بە چەمکی شارستانییەتەوە و مافی سیاسی و مەدەنی لە شاردا هەیە و بەردەوام لە کارلێککردندایە لەگەڵ شارەکەدا (عابدی، 1399 : 29).

مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا لە چەندین مادده و بڕگەی دەستووری ئاماژەپێکراوە و تێیدا گرنگیدراوە بە مافی هەبوونی زمان، مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنیان هەیە، یەکسانی لەبەردەم یاسا، مافی ژیان و ئاسایش کە بەشێوەیەکی یەکسان بە مافی هەموو عێراقییەکان دانراوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەو بڕگانەی کە تایبەتن بە مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقیدا بخەینەڕوو:-

مادده(14) : عێراقیەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی ڕەگەز، نەژاد، نەتەوە، بنەچە، ڕەنگ، ئایین، ئایینزا، بیروباوەڕ، بۆچوون یان بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیان.

مادده(15) : هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە و نابێت لێیان بێبەش یان سنورداربکرێت، تەنها بەپێی یاسا و بەپشتبەستن بە بڕیاری دادگای تایبەتمەندەوە نەبێت.

ماددەی(16) : یەکسانی هەل مافێکی هەموو عێراقیەکانە، دەوڵەتیش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە.

ماددەی(17) : یەکەم: هەر تاکێک مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسێتی خۆی هەیە بەو شێوەیەی کە ناتەبا نەبێت لەگەڵ مافی کەسانی دیکە و ئادابی گشتیدا.

دووەم: ڕێزی ماڵ پارێزراوە و نابێت کەس بچێتە ناوی یان بپشکنرێت یان هەڵبکوترێتە سەری تەنها بە بڕیاری دادگا و بەپێی یاسا نەبێت.

ماددەی(18) : یەکەم: ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقیەکە و بنەمای هاووڵاتیبوونە.

دووەم: هەرکەسێک باوک یان دایکی عێراقی بێت بە عێراقی دادەنرێت، ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی(19) : سێیەم: پەنا بردنە بەر دادگا مافێکی پارێزراوەو دابینکراوە بۆ هەموو کەسێک.

ماددەی(20) : هەموو هاووڵاتیەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسیەکانی هەیە لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن.

ماددەی(21) : یەکەم: نابێت هیچ کەسێکی عێراقی بدرێتە دەست لایەن و دەسەڵاتی بیانی.

دووەم: مافی پەنابەری سیاسی لە عێراقدا بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت و نابێت پەنابەری سیاسی بدرێتەدەست لایەنی بیانی یان بە زۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بە جێیهێشتووە (دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ: 2005).

لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک یاسا دانراون کە پەیوەستن بە مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان وەکو: پاراستنی بێگانەکان، بزربووەکان، گێڕاندنەوەی ماڵە دەستبەسەرداگیراوەکان، قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان، توندوتیژی، ڕێزگرتن و ئیمتیازاتی چین و توێژە جیاوازەکان کە بەمشێوەیە خوارەوە دەخەینەڕوو:

لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێک یاسا دەرچوون کە بریتیبوون لە:

- یاسای ژمارە (16)ی ساڵی (1992) یاسای گێڕاندنەوەی ماڵە دەستبەسەرداگیراوەکان بە هۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆ خاوەنە ڕەسەناکانیان،

-یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (1993) یاسای گێڕانەوەی ئەفسەران بۆ خزمەتی سەربازی.

-یاسای ژمارە (6)ی ساڵی (1992) یاسای پاراستنی بێگانەکان و ئەو کارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

-یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (1999) یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان-عێراق. ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی سەرکوتکردن و پاکتاوکرنی رەگەزی دژی کورد، دەربەدەری، چەکی کیمیایی، لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی، ئەنفال، کۆرەوە دانراوە، دواتر ئەم یاسایە بە ژمارە (17) لە ساڵی (2021) هەموارکراوایەوە بە

مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە یاساییانەی ڕووبەڕووی کەس و کاری قوربانیانی گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بوونەوە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستی بەناو دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجامیدا.

-لەبەر چەوسانەوەی سیاسی گەلی کوردستان و هەناسە ساردیی لەو مافە بنیچەییانەی کە بەڵگەنامەگەلی نێودەوڵەتیدا هاتووە، یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2001) یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق دانراوەوە،

-لەبەر گرنگی و ڕۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و نرخدانان بۆ ئەرک و خەباتی قارەمانییان و بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیدانەکەیان یاسای ژمارە( 33 )ی ساڵی (2007) یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان- عیراق) دانراوەوە. - لەبەر گرنگی و ڕۆڵی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان یاسای ژمارە ( ٩ و 17)ی ساڵی (2007) و یاسای ژمارە (13)ی ساڵی (2008) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانرایەوە کە هەمواری دووەمی ئەم یاسایە بریتیبووە لە یاسای ژمارە (13) ی ساڵی (2008).

- بۆ زیاتر بایەخدان بە مافەکان یاسای ژمارە (15)ی ساڵی (2010) بریتیبووە لە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێتاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان -عێراق.

- لەبەر تووشبوونی زۆرێک لە رۆڵەکانی بە بەندکردن و زیندانیکردن و گیران و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر دەستی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق. یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2011) یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانرایەوە.

-وەکو مافێکی سیاسی بۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2013 یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراقی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو دانراوە.

- بەمەبەستی پاراستنی خەباتکارانی پێشمەرگە و بەشداربووانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان یاسای ژمارە (13)ی ساڵی (2013) بەرپرسیارنەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان -عێراق لە رووی سزایی و شارستانی دانراوە

-یاسای ژمارە(9)ی ساڵی (2007) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا لە پێناوی پرنسیپە باڵاکانی مرۆڤایەتی.

- بۆ ڕێزلێنان لە دەوری قارەمانیەتی و تێکۆشانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)، یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2013) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسیی کوردستانی ژمارە (11)ی ساڵی (2011) دانراوە.

- تاقانەکانی جینۆسایدی کوردستان بەشێکی گرنگن لە ناسنامەی قوربانیدانی گەلی کوردستان، بە مەبەستی ڕێزلێنانی زیاتر و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، بۆیە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2015) یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان -عێراق دانراوە کە دواتر بە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢١) بەناوی یاسای یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق هەموارکرایەوە .

-بە مەبەستی هاندان و ڕێزلێنان و نیشانکردنی ئەو کەسانەی لە بوارە جیاوازەکاندا خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەش بە خاک و گەلی کوردستان دەکەن یاسای ژمارە (12)ی ساڵی (2021) یاسای نیشان ومیدالیا لەهەرێمی کوردستان-عێراق دانراوەوە.

لە مافە سیاسییەکاندا ئەو یاسایانەی کە دەرچوێندراون بەپێی ئەم ماددە و بڕگە دەستوورییەکان، هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دانراون بۆ پێدانی مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوەیان لەسەرە کە بە تەواوی جیبەجێناکرێن، بۆیە بەردەوام بەشێکی هاووڵاتیان خۆیان بە مافخۆراو دەزانن، ئەمەش بووەتە هۆکاری نائومێدی هاووڵاتیان. لە چوارچێوەی ئەم ماددانەی کە ئاماژەمان پێدان، هەروەها ئەو یاسایانەی کە دانراون، دەبینین لەبەر هۆکاری جێبەجێنەکردنیان، نایەکسانییەکی زۆر لەڕووی نەژاد، نەتەوە، بنەچە، ئایین، ئایینزا، بیروباوەڕ یان بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە بەردەوام ڕێگربوون لە پرۆسەی پێشکەوتنی وڵاتدا، هەربۆیە چەندین کێشەی وەکو: هەژاری، بێکاری و ڕەفتاری تاوانکاریی ڕووبەڕووی هاووڵاتیان بوونەتەوە، تا ئێستا مافی ژیان، ئاسایش و ئارامی بە

تەواوەتی مسۆگەرنەکراون بۆ هەمووان، هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە پاراستنی ماڵ و سامانی خەڵک پارێزراونین و زۆرجار بەبێ بڕیاری دادگا و بەبێ یاسا پێشێلکراون، تەنانەت مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و هەبوونی مافە سیاسییەکان بۆ هەموو هاووڵاتییەک لە ڕووی ڕەگەز و بیروباوەری حیزبییەوە وەک یەک دەستەبەرنەکراون. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری بێ متمانەیی بە یاساکان و سستبوونی هەستی هاووڵاتیبوون، دواجار سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچکردنی هاووڵاتیان بۆ دەرەوە و جێهێشتنی نیشتمان.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

– هەروەکو چۆن لە تیۆری هاووڵاتیبوونی مارشاڵدا ئاماژە بە مافەکانی هاووڵاتیبوون کراوە، لە دەستووری عێراقی (2005) مافەکانی هاووڵاتیبوون کە بریتین لە: مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ تەواوی هاووڵاتیانی عێراق بە کوردیشەوە بە دەقی دەستووری ڕێکخراوە و لە دەستوورەکەدا هەموو ئەم مافانە دەستەبەرکراون و ئاماژە بەوەکراوە کە پێویستە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا جیبەجێبکرێن، لە لایەکیتر ژمارەیەکی زۆر لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان پەیوەستن بەم مافانە، بەڵام پێویستی دانپێدانان بە بنەمای هاووڵاتیبوون پەیوەستە بە پەسەندکردن و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی یاساکان.

– لە ڕووی مافە کۆمەڵاتییەکانەوە نایەکسانییەکی زۆر و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە، هەرچەندە بەپێی یاسا بۆ هەموو چین و توێژەکان ئەم مافانە دەستەبەرکراون، بەڵام خزمەتگوزارییەکانی وەک: بیمەی تەندروستی، خوێندن، ڕەخساندنی دەرفەتی هەلی کار لە ئاستێکی خراپدایە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی وەکو: هەژاری و بێکاری.

– بۆ مافە سیاسییەکان، نایەکسانییەکی زۆر لەڕووی نەژاد، نەتەوە، ئایین، ئایینزا، بیروباوەڕ هەیە، تا ئێستا مافی ژیان، ئاسایش و ئارامی بە تەواوەتی مسۆگەرنەکراون بۆ هەمووان و زۆرجار بەبێ بڕیاری دادگا و بەبێ یاسا پێشێلکراون، تەنانەت مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی بۆ هەموو هاووڵاتییەک وەک یەک دەستەبەرنەکراون. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری بێ متمانەیی بە یاساکان و سستبوونی هەستی هاووڵاتیبوون، دواجار سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچکردنی هاووڵاتیان بۆ دەرەوە ئەمەش متمانە و پەیوەندی نێوان حکومەت و هاووڵاتیانی سستکردووە.

– مافە مەدەنییەکانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان وەک پێویست نین. هاووڵاتی پێویستی بە بەهرەمەندبوونی تەواوی ماف و ئازادییەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەیە کە تێیدا پیادەی ئازادییەکان بکەن لە سنووری ڕێپێدراوی یاسادا، بە هۆکاری هەبوونی بیروباوەڕی حیزبی یان ڕەخنەگرتن، بەردەوام پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و لایەنگرانی حیزبە جیاوازەکان دەکرێت و ڕێگرییەکی زۆر هەیە لە هەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەری، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری هەبوونی ترسێکی زۆر و هەست نەکردن بە مافی ئازادی.

### سەرچاوەکان:


–بلامی، ریچارد.( 1394). شهروندی. مترجم: بهزادی، عبدالرضا سالار. تهران: انتشارات بصیرت.

–بارلت، جي. ام. (1383).حقوق شهروندی. ترجمه: کارگزاری، جواد. تهران: انتشارات حقوق اساسي.

–خسروی، سارا.(1397). نقش رهبری اخلاقی بر رفتار شهروند سازمانی. مشهد: متخصصان.

– خسروی، حسن.(1398). حقوق شهروندی. تهران: دانشگاه پیام نور.

–دانلی، چک. (1401). حقوق بشر. نظریه ها و رویه ها، ترجمه: طراز کوهی، حسین شریفی. تهران: نشر میزان.

–رحمانی خلیلی، احسان.(1395). سنجش اخلاق شهروندی. تهران: پژوهشگاه فرهنگ هنر و ارتباطات.

– سروستانی، صدیق .(١٣٧٥). کاربرد تحلیل محتوا در علوم اجتماعی. نامه علوم اجتماعی. دانشگاه تهران. دوره جدید، شماره ٨ زمستان.

–طرازکوهی، حسین شریف.( 1392). شهروند جهانی. تهران: نشر میزان.

–ذکائی. محمد سعید.(1391). آموزش شهروندی و توسعه اجتماعی. تهران : نشر تیسا.

–علی، میثم امید.(1393). رسانه و حقوق شهروندی. مرکز تحقیقات رایانه ای قائمیه اصفهان

-فوزي، سامح. (2007). المواطنة. القاهرة: سلسلة تعليم حقوق الانسان.

-ڤوت، ريان.( 2004). النسوية و المواطنة. ترجمة: بكر، ايمن. و الشيشكلي، سمر. القاهرة: مجلس الاعلى للثقافة.

-قادر، ئەسرین زرار. (2023). دامەزراوە نیشتمانییەکان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: چاپخانەی ئازادی.

-قندی، مهدی و پورعزت، اصغر. (1390). اخلاق شهروندی به روایت قرآن و نهج البلاغه. تهران: سلسله انتشارات بنیاد نهج البلاغه.

-کامیار، غلامرضا. (1396). شهر و حقوق شهروندی. تهران: نشر مجد.

- کمال. سعدی،(1997). یاسا و ماف. هەولێر : چاپخانەی رۆشنبیری.

-کیملیکا، ویل. (1398). شهروندی چند فرهنگی. مترجم: ابراهیم اسکافی. چاپ دوم. تهران: انتشارات شیرازه.

-گرجی، علی اکبر. (1396). مبانی حقوق عمومی. چاپ پنجم. تهران: انتشارات جنگل جاودانه.

-معهد راؤول ويلنبيرغ الحقوق الإنسان والقانون الإنساني ومعهد لاهاي لتدويل القانون العام.(2012). سيادة القانون دليل للسياسيين.

- مهرآیین، مصطفی.(1399). فن بیان شهروندی. تهران: نسل نواندیش.

-ناصر، ابراهيم عبدالله. (2003). المواطنة. عمان: مكتبة الرائد العلمية.

–Van gunsteren, herman r. (1998). A theory of citizenship. United States of girnerica: west view press.

-Marshall, T.H. and Bottomore, Tom. (1992). Citizenship and social classes, British Library. First published by Pluto Press.

-Marshall,T. H. (1950). Class, Citizenship. and social development. The University of Chicago Press Chicago and London ,Published: the syndics of the Cambridge university press, London Office: Bentley House.


**سایت و گۆڤارەکان.**


-دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ.(2005).وەرگیراوە لە سایتی فەرمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێکەوتی (2024/8/20)، وەرگیراوە لە https://iq.parliament.iq/ku/

-رحال، سامية. و شهرزاد، بوني.(2020). أثر ضعف المواطنة و قلق المستقبل في تعزيز الاتجاهات نحو الهجرة السرية لدى الشباب البطال. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، پاشکۆی بەرگی 4، ژمارە 25، ص37-46.

- ڕاپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بۆ ساڵی 2024

- یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، وەرگیراوە لە بانکی یاسادانان، وەرگیراوە لە https://www.parliament.krd/business/legislation / لە ڕێکەوتی 2025/1/5

- راگەیێندراوی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD).(2017). وەرگیراوە لە سایتی فەرمی سەنتەرەکە، لە https://dhrd.info/2017/10/06 وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2024/8/5).

**Citizenship Rights in the Kurdistan Region-Iraq through the Lens of Thomas Humphrey Marshall's Theory of Citizenship**

**Eskender Qerib Sulayman**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Eskender.suiayman@su.edu.krd

**Asrin Zrar Qadr**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
asrin.qader@su.edu.krd

**Abstract**
This article explores the status of citizenship rights in the Kurdistan Region of Iraq through the analytical lens of T.H. Marshall's theory of citizenship (1893–1981). Marshall, a distinguished British sociologist, is widely regarded as the founding theorist of modern citizenship. His sociological framework conceptualizes the historical evolution of citizenship as a progressive expansion of rights—civil, political, and social—embedded within the legal structures that underpin the recognition and legitimacy of citizenship. According to Marshall, citizenship rights are not static but constitute a dynamic and continuous process of development and institutionalization. Accordingly, these rights are enshrined in the constitutional texts of most modern states. However, the infringement or neglect of these rights disrupts the relationship between citizens and political institutions, fostering a sense of estrangement and disempowerment among individuals within the social order. This study employs a theoretical-analytical methodology to assess the current state of citizenship rights in the Kurdistan Region within the framework of Marshall's theory. The principal objective is to critically examine how civil, political, and social rights are recognized and implemented in the region.

The findings indicate that while these categories of rights are formally acknowledged, their practical realization remains limited. Social rights—such as access to healthcare, education, and employment—are inadequately provided.

Political rights suffer from structural inequalities along lines of ethnicity, religion, sect, and ideology, which hinder equal political participation. Moreover, fundamental civil rights are frequently violated; journalists and political activists are subjected to persecution based on partisan affiliations or critical expression. Restrictions on freedom of speech, press, assembly, and protest are pervasive, undermining the foundational principles of democratic citizenship.

**Keywords:** Citizenship, Rights, Constitution, Law, Equality

**حقوق المواطنة في إقليم كوردستان–العراق في ضوء نظرية توماس همفري مارشال**

**اسكندر غريب سليمان**
قسم العلم الاجتماع، كلية الاداب،جامعة صلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان،العراق
Eskender.suiayman@su.edu.krd

**أسرين زرار قادر**
قسم العلم الاجتماع، كلية الاداب،جامعة صلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان،العراق
asrin.qader@su.edu.krd

**الملخص**
تتناول هذه الدراسة مسألة حقوق المواطنة في إقليم كردستان العراق في ضوء نظرية توماس همفري مارشال (Thomas Humphrey Marshall: 1893–1981)، الذي يعد من أبرز علماء الاجتماع البريطانيين ومؤسس النظرية الحديثة للمواطنة. تعد نظرية مارشال إطارا تحليليا سوسيولوجيا يتتبع تطور حقوق المواطنة عبر التاريخ، ويقدم تصنيفا ثلاثيا لها يشمل الحقوق المدنية، والسياسية، والاجتماعية. ووفقا لهذه النظرية، فإن الاعتراف بالمواطنة يستند إلى القبول بالمبدأ القانوني لسيادة القانون والامتثال له، وينظر إلى الحقوق بوصفها عنصرا جوهريا في عملية بناء المواطنة.

تؤكد النظرية على أن حقوق المواطنة تمر بعملية ديناميكية مستمرة من التطور والتحديث، وهو ما انعكس في الاعتراف بها ضمن الدساتير الوطنية في مختلف الدول. غير أن انتهاك هذه الحقوق يؤدي إلى إضعاف العلاقة بين المواطن والسلطة السياسية، ويفضي في كثير من الأحيان إلى شعور المواطنين بالتهميش والاغتراب الاجتماعي.

تعتمد هذه الدراسة على منهج نظري تحليلي، وتهدف إلى استكشاف واقع حقوق المواطنة في إقليم كردستان من خلال منظور نظرية مارشال. وتشير النتائج إلى أن الحقوق الأساسية للمواطنين تتوزع إلى مدنية، وسياسية، واجتماعية، وأن الضمانات الاجتماعية تعد شرطا لازما لضمان المشاركة الفاعلة في الحياة العامة. ومع ذلك، فإن التطبيق غير الكافي لتلك الحقوق أدى إلى شعور شريحة واسعة من المواطنين بانتهاك حقوقهم الأساسية.

فعلى صعيد الحقوق الاجتماعية، تعد الخدمات العامة – مثل التأمين الصحي، والتعليم، وفرص العمل – متدنية من حيث التوافر والجودة. أما على مستوى الحقوق السياسية، فثمة مظاهر للتمييز القائم على أسس قومية، ودينية، ومذهبية، وأيديولوجية، مما يقوض مبدأ المساواة أمام القانون. وفيما يتعلق بالحقوق المدنية،

فإن الصحفيين والنشطاء السياسيين يتعرضون لانتهاكات متكررة بسبب انتماءاتهم أو مواقفهم المعارضة، وتواجه الحريات الأساسية – كحرية التعبير، والصحافة، والتجمع، والتظاهر – عقبات متعددة تحد من ممارستها بصورة فعالة.

الكلمات المفتاحية:المواطنة،الحقوق،دستور ،القانون،المساواة